## فیدرالیز قەڵەمبازە بە سەر خواستی خەلکی کوردستاندا، کە پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆیە !

ریبوار عارف

هەفتەی ڕابردو مەلا بەختیار لە ڕۆژنامەی ( (کوردستانی نوێ)) ژمارە ۲۸٤٤دا وتارێکی نووسیوە بەناونیشانی ( (گۆرانکاری لە عیراقداو کاردانەوەی ئیقلیمی))، جێی خۆیەتی ئاورێک لە ئامانج و تێڕوانی نەکانی ئەم وتارەی بدەینەوە.

سەرەتا ئەگەر چی ئەم وتارە لە ڕوالەتدا تەرخان کراوە بۆ کاردانەوەی هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە لە پەیوەند بە لێدانی عیراق و چارەنووسی خەلکی کوردستان. بەلام پەیامی سەرەکی وناوەڕۆکی باسەکە زیاتر هەوڵێکە بۆ لە کاروان جێ نەمانی یەکیتی تا لەرێگەی سوێند خواردن بە یەکپارچەی عیراق وبەڵێن دان ودڵنیا کردنەوەی وولاتانی فاشیستی ناوچەکەو وولاتانی غەرب و تەنانەت ڕیزی ئۆپۆزیسونی بۆرژوازی عیراقیش لەوە دلنیا بکات کە یەکیتی نیشتمانی هیچ بەرنامەو ڕوانگەیەکی جیاوازیان نی یە لەوەی کە تا ئیستا لەلایەن ئەو بەرە هاوکارەوە هاتوو هاواری بۆ دەکریت. وە بەکردەوە ئەم پاکان وبەڵێن دانە تەنها بەمەبەستی جێڕێ قایم کردن و پشک بەرکەوتنێکە لەگۆشەیەکی دەستەلاتداریەتی ئایندەی عیراقی پاش ئەو گۆران کاریانەی کە دیتە گۆڕێ.

دروست وایە هاتنە پێشەوەی ئەم هەلو مەرجە نوێ یە، لێدانی ترپەی دلی حکومەتەکانی ناوچەکەی توند کردوەتەوەو ئەوان زۆر بە دیقەتەوە مامەلە لەگەل ئەم بارودۆخە نوێیەدا دەکەن وباش لەو ڕاستی یە حالین کە ئەمرۆ هەلومەرجێکی میژووی هاتووەتە پێشەوە لە پەیوەند بە خواستی جیابوونەوەی کوردستانی عیراق و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ.

بۆیە تەواوی تەقەلای خۆیان بەشێوەو ڕێگەی جیاواز وەگەر دەخەن بۆ دیاری کردنی سنووری ئەو گورانکاریانەو بەگەر خستنی ئەحزابی دەستەلاتدار بۆ کەم ڕەنگ کردنەوەی ئەو خۆزگەو ئاواتەی خەلکی کوردستان وجارێکی تریش لەباربردنی ئەم هەلو مەرجەی کە دەکرێت لەسایەدا حکومەتێکی سەربەخۆ پێک بێت.

بۆیە مەلا بەختیاریش دەیەوێ شان بنێتە ژێر باری ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی ئەم وولاتانەو دڵنیان بکاتەوە لەوەی کە دنیا بەدڵی ئەوانەو یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەمێکە ئەم هەلویستەی خۆی بۆ پاراستنی یەکپارچەی خاکی عیراق ڕاگەیاندووەو ماندو نەناسانە خەباتی بۆ دەکات. وە بەم شیوە دەیەوێ لە ڕوانگەی ڕاوەستانەوەو دژایەتی کردنی پێکهینانی دەوڵەتی سەربەخۆە هەلچونەکانی ئەم لایەنانە هێوەر بکاتەوەو پێیان ڕاگەیەنێ کە هیچ کەسێك لەوان عیراقی تر نین و هیچ نیازێکی تر لە ئارادا نی یە.

ئەم پاکانە کردن وبەڵێن دانە وەك پرانسیپ بۆ حیزەبە دەستەلاتدارەکانی کوردستان هەلویستێکی پڕاو پڕو ئاسای یە، بەلام حاشا کردن لە بوونی هێزو بزوتنەوەیەکی تر لە کوردستان کە بە پێچەوانەی مەیل و ئارەزووەکانی ئەوان و ئاغاکانیان بیرکەنەوەو بەدوای ئامانجی خۆیانەوەبن، ئیتر ئەمەیان خەتایەو هەر هێزو لایەنێك ئەو ادعای هەبێت دەبێت خۆی بۆ ڕاوەستانەوە نارەزایەتی دەربرینێکی بەرفراوانی خەلکی کوردستان ئامادە کردبیت، کە خوازیاری جیابوونەوە پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی خۆیان.

بەلام مەلا بەختیار زور بوێرانەو ڕوو قایمانە دەلێت ( (. . . ، جێی خۆیەتی بلێین: هێزە سیاسی یەکانی کوردستان، بەپێچەوانەی هەموو مەترسیەك لە ئیقلیمدا، سەربارت بە کوردستان هەیە، زۆریان لامەبەستە لەناو عیراقێکی دیموکراتی وفیدرالی پەرلەماندا، مافی فیدرالی کوردستان، بچەسپینین و لەم پیناوەشدا، باوەرناکەم هیچ هێزێك هەبێت بچوکترین هەنگاوی تری لە خەیالیدا هەبی. کەوابیت هەموو جۆرە پاساویك بۆ بچوکترین مەترسی ناوچەیی بۆ هیچ دەولەتێك نامینی لە ئایندەی گۆرانگاری عیراق لە کورد بسلەمینەوە. مەلا بەختیار مافی خۆیەتی کە خۆیان و هەر

www.kurdistannet.org

حیزب و لایەنیکی هاوپەیمانی خۆی بەو هێزە هاوپەیمان و یەک دەستە لە قەلەم بدات کە پێی وابێت سازی ئاهەنگێک لێ دەدەن، هەقی خۆیەتی کە ئەمریکاو وولاتانی هاوپەیمان و دەستەلاتداران بەو هیزانە بزانێت کە سیاسەتەکانی خۆیان داسەپێنن و ئەمانیش گوێڕایەلیان بکەن، هەقی خۆیەتی کە چۆن بە چ زمانیک و بە چ شیوازیک پاکانە بۆ حکومەتەکانی ناوچەکە بکات و وەفاو دلسۆزی خۆی نیشان بدات، بەلام بەهیچ جۆریک هەقی خۆی نی یە کە ئەو هەنگاوەکانی هیچ هیزو لایەنیک بهینتە ژێر پرسیارو لەوەش زیاتر حاشای لێ بکات.

تۆ بلی ی مەلا بەختیار پانێلەکەی هۆلی ڕۆشنیری لە یاد چوبیێ، کە (( گۆڤاری ڕیفراندوم))لە١٠ی کانونی دووهەمی سالی ٢٠٠١ لە شاری سلیمانی سەبارەت بە هەل و مەرجی کوردستان دوای ١١ی سیپتامبەر ساز درا، کەخۆی وەک یەکیک لە قسەکەرانی ئەو پانیلە دەلی : ((. . . ئێمە هەموو ڕیفراندومێک بۆ میلەتەکەمان بۆ جەماوەری گەلەکەمان بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بزانین میللەتەکەمان چی دەوێت وچی ناوێت هەموو ڕاپرسیەک بە ریفراندومیشەوە لەسەر هەموو مەسەلە چارەنووسازەکانی ئێمە بەکارێکی باشی دەزانین وە هیوادارین هەمووومان بتوانین ئایندەیەکی گەش بکەین بە ئایندەیەکی گەشتر بۆ هەموو گەلەکەمان زۆر سوپاس)).

مەلا بەختیار زۆر باش دەزانیت هێزێکی تر هەیە کە هەنگاو ئاسۆ و ئامانجیکی تری هەبووەو هەیە بۆ چارەسەر کردنی کیشەی ستەمی میللی لە کوردستان، ئەویش کە هێزی سێهەمە واتە خەلکی کوردستان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و ڕزگار بوونیان لەم سەرگەردانی وهێرش هێنان وشەرو کوشتاری ئەحزاب و دەولەتەکانی ناوچەکە، کە ئەم هیزە تەنها ڕێگەی واقعی بۆ ڕزگار بوونیان لە کارەساتەکانی ڕۆژانە بۆ چارەسەر کردنی وکۆتای پیهنانی زوڵم و ستەمی میللی لە دیاری کردنی چارەنووس و پێک هینانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەزانن.

بەلام مەلا بەخیتار لەبەر ئەوەی کە دلنیایە کە ئەو هیزەو پەرچەمی ئەو هێزو ئاسۆ وئامانجە لە دەستی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدایە، بۆیە بەلایەوە ئاسای یە کە پشت بکاتە خواستکی سەرەکی خەلکی کوردستان، هەتا ئەگەر ڕۆژیک لە ڕۆژانیش لە گۆشەیەکی چالاکی یەکانی ئەو حیزبەدا ئاواتی بە ریفراندومیش خواستبێت.

دەمەویت لە کۆتایدا ئەوەش بلیم کە ئەمە تەنها کیشەی مەلا بەختیار نی یە کە جەماوەر وەک گەرەترین هێزو داینەمۆی ئالگۆر پێکهێنان لە پەراویزی لێکدانەوەکانیدا حسابی لەسەر نەکات، بەلکۆ ئەمە گۆشەیەک لە سونەت و لیکدانەوەو ئاسۆ ئامانجی یەکیتی نیشتمانی کوردستان و هەموو ئەحزابی ناسیونالیستی کوردە، پاکانە کردنی ئەم ڕۆژانەیان بۆ سەرانی جمهوری ئیسلامی ئیران و میژوو گرتن بە شاهیدی بۆ نیشاندانی دۆستایەتی (ی ن ک)و سوپای پاسداران. . . ، چەپلە لێدان بۆ هاتنی هێزەکانی ئەمریکاو چەپکە گوڵ دان لە بەرۆکی سەربازە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی فاشیستی تورکیا، هەموو ئەمانە هەلقەیەکی پێکەوە گرێ دراون کە پەلەقاژەی پشکگرتنە لە گۆرانکاری یەکانی ناوچەکە، جائەوەی کە یەکیتی چ میژووی یەک بۆخۆی تۆمار دەکاو کام دوژمنانی خەلک وحکومەتی سەرکوتگەری ناوچەکە دەکەنە دۆست و سەروەری خۆیان ئەوە گرنگ نی یە، ئەزمونی نۆێی دبلۆماسی یەتی کوردایەتی زۆر لەوە نەفەس درێژترو بە تەحمولترە کە شەرعی یەت بدات بەم جۆرە جێگۆڕکێیانە لە نیوان دۆست و دوژمنانی خەلکیدا.

گرنگ ئەوەیە کە دەستەلاتداریەتی ڕەسەنی کوردایەتی درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات، بۆیە دەبیت جەماوەریش نیگەرانی ئەوە نەبن کە لە گۆرانکاری و هاوکێشە سیاسی یەکانی ناوچەکەدا جێگەو ڕێگەو هەڵویستی خۆیان سەرکۆنە بکەن و چاوەروانی رەحمەتی ئەم وولاتانەو هیمەتی پڕ پاکانەی دریژە دانی دۆستایەتی هەر ڕۆژەی ئەم حیزبانە بن ڕۆژێک لەگەل سوپای پاسداران و ڕۆژی دواتر لەگەل میت وئەمنی یەتداو ( ائێ خۆ سوپای عیراقیش سوپای خۆمانەو بڕیار وایە کە هەر سالە پەیامی پیرۆزبای سەرانی یەکیتی یان پێ بگات)).

**کلیلی ئالوگۆری ڕیشەی لە گرەوی هاتنە مەیدانی هێزی سیهەمدایە !**

www. kurdistannet. org
11-9-02 22:37:50

ئەزموونی ستەم و چەوسانەوە، خەبات و تیکوشان، دان وسات وگفتوگۆ، شەرو ئاشتی، . . . . . . ئەو راستی نیشان دەدات کە هەر ئالگور وباشترکردنیکی ژیانی ڕۆژانە لەگرەوی هاتنە مەیدان وبە ئەکام گەیاندنی خەباتی هێزی سیهەمە کە جەماوەری ملیونی یە، تەنها ڕێگەی ڕزگار بوونی ئەو خەلکە لە ستەم و چەوسانەوەی بەردەوامیان تەنهاو تەنها ڕوخانی ڕژیمی ناسیونال فاشیستی بەعس و گورینی بە حکومەتێك کە ئازادی و یەکسانی دەستەبەر بکات بۆ هاوولاتیان، واتە حکومەتێك کە ئازدی سیاسی ومافە سیاسی و مەدەنیەکان پەیڕەو دەکات، حکومەتیك کە لەسەر بنچینەی ڕەگەزو دین و میللیەت پێك نەهاتبێت، واتە حکومەتیکی سکولارو مەدەنی کە ئەمەش بەرهەمی خەبات وتیکوشان و هاتنە مەیدانی جەماوەری ملیونی خەلکی سەرتاسەری عیراقە بە کوردستانیشەوە، ئەمە کاری هێزی سێهەمەو دەبێت عەزمی خۆی بۆ جەزم بکات !

دوانزە سالە کوردستان لەبەردەم ڕەحمەتی هەلومەرجیکی میژووی لەبارادیە بۆ یەك لای کردنەوەی کیشەیەك کەنزیك بە سەدەیەکە سەدان هەزار کەس لە سایەدا بوونتە قوربانی و گیانیان لەدەستداوە، خەبات وتیکوشانی خەڵکی لەم ناوچەیەدا، بۆ حکومەتی فیداڵی و سوێند خواردن بە یەکپارچەی خاکی عیراق و گوێڕایەڵی حکومەتە فاشیستەکانی ناوچەکە نەبوو.

ئەم هەلومەرجە میژووی کە ئەم ناوچەیەی وا بە هەڵواسراوی هیشتووەتەوە تەنها کاتیك خەڵکی دەتوانن لەسایەیدا بحەسێنەوەو بەرهەمی خەباتیان کوبکەنەوە کە مەترسی حکومەتەکانی ناوچەکەو بەلینەکانی حیزبە دەستەلاتدارەکان تیك بشکین و لەم فرسەتەدا زیرینەیەدا پێ لەسەر پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی خۆیان داگرن، ئەمە تەنها ئەڵتەرناتیویکە کە خەلکی کوردستان لە شەرو کوشتار و گفتوگۆ دلە ورکەو ئاوارە بوون و دەست دریژی حکومەتەکانی ناوچەکە رزگار دەکات، کەواتە با شعاری پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ بکەینە پەرچەمی خەبات و هاتنە مەیدانمان و ئەزموونی ( تەیموور)لە کوردستانیش دووبارە بکەینەوەو ئەمە کاری هێزی سیهەمەو نابێت ئەم فرسەتە لە دەست بدەین !

٧ / ٩ / ٢٠٠٢